گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper1

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 08/08/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 17/09/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# دژە بەها لە(دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت

**هێرۆ عەبدولڕەحمان مستەفا**
hero.mustafa@su.edu.krd
بەشی خاك و ئاو، کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**
ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشـــانی (دژەبەها لە(دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت)دا، هەوڵمداوە ئەو دژە بەهایە بخەمەڕو، کە لەم دیوانەدا باسـکراون، وەك دەزانین دژەبەها چەندین جۆری هەیە، کاریگەریان لەسـەر تاک و کۆمەڵگا هەیە، وەک درۆکردن، فێڵکردن، خیانەت، توندوتیژی، هەراسـانکردن ....هتد. دژەبەهایە، کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی تاک و کۆمەڵگا، بەمەش تاکەکانی نێو کۆمەڵگا گیرۆدەدەبن و کاریگەری لەســەر کەسـایەتی و هەســتی بەرپرسـیارێتی و نەتەوەی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریان دەبێت، لە بەرامبەر هەمو ئەمانەشدا منداڵان، وەکو ئەندامێکی هەستیاری نێو کۆمەڵگا ڕوی خراپی ئەم بەهایانە دەیانگرێتەوە و زیاتر لە گەورەکان کاریگەر دەبن و زۆربەی کات تاکی لاسـار و لادەر و تێکدەر و بێ هەســـتیان لێ دروســـت دەبێت، کەوا لـە تـاك دەکات تەنهـا بەدوای بەرژوەنـدییەکان و تێرکردنی خواســـتەکانییەوە وێڵ بێت و تەواوی مـاف و ئەرکەکانی خۆی و کۆمەڵگاکەی پشـــتگوێ بخـات، هـەروەهـا ئـەم لێکۆڵینـەوەیـە لـە دو بـەش پێکهـاتوە، بـەشی یـەکـەم لـە سێ تـەوەر پێکهـاتوە، لـەم تـەوەرانـە بـاسی بـەهـا و دژەبـەهـا و تایبەتمەندییەکان کراوە، جیاوازی نێوانیشـیان خراوەتەڕو، بەشی دوەم لە دو تەوەر پێکهاتوە باس لە جۆرەکانی دژەبەها کراوە و ئەو دژەبەهایانە باسکراوە، کە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ئاماژەیان پێکراوە.
**کلیلی وشەکان**: بەها، دژەبەها، لەتیف هەڵمەت.

# Anti-values in (Children's Book) by Latif Halmat

**Hero Abdulrahman Mustafa**

Soil and Water Department, College of Agriculture Engineering Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The work which is entitled (Anti-values in (Children's Book) by Latif Halmat) attempts to exhibits those anti-values mentioned in this book. Several kinds of anti-values appear that effect on individual and society as lying, cheating, betrayal, violence, harassment .... etc. Anti-values make the individual and society destructed and they face many obstacles. Individuals in community affect their personality and responsibility, national, social, political and economic. Thus, children, as a sensitive member of society are within the circle of these bad values as compared to adults. A deviant, destructive and insensitive individual are made that only pursues his own interests and ignores all his rights, duties and his society. This work is made up of two chapters. The first chapter embraced three sections. In these sections, values, anti-values and characteristics, and the differences between them are presented. The second one includes two sections which sheds light on its kinds and those anti-values that are explained in Latif Halmat's poems.

**Keywords**: Value, Anti-Value, Latif Halmat.

## پێشەکی:

بەهاکان کۆمەڵێک باوەڕ و پرەنسیپن، کە ڕەفتار و کردەوەکانی تاک و کۆمەڵگە دیاریدەکەن. بەهاکان یارمەتی دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و پێگەیشتو دەدەن بەتایبەتی کەسایەتی منداڵ، هاندانی کار و ئەنجامدانی چالاکی بە تەواوی، پاراستنی تاکەکەس لەوەی بکەوێتە هەڵە و لادان، قەڵغانێکی پارێزراوی بۆ دروست دەبێت. هەروەها بەهاکان یارمەتی تاکەکەس دەدەن بۆ هەستکردن بە ئاشتی ناوەکی و سەقامگیری و هاوسەنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی و دەستکەوتەکانی لە ژیاندا، بەهاکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازن و جارجار بەهاکان بەدرێژایی مێژو گۆڕاون، بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئاینییەکان، هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی بەگشتی، ئەم گۆرانکاریانە گۆڕانی بەرچاویان لە بەهاکان دروستکردوە، بەجۆرێك هەندێك لە بەهاکان، کە پێشتر لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو باوبوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە بەرەو کاڵبونەوە چونە، یان هەر نەماون.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەهاکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تاك و کۆمەڵگا هەیە، یارمەتیدەرن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەهێز و تەندروست، هاندانی هاوکاری و هەروەزی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا و بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی ڕەوشتی باش لە کۆمەڵگادا، ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەی منداڵ و دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار و پاراستنیان لە تەواوی دژەبەهاکان، یان ئەو بەها نارەوشتیانە دزە دەکەن نێو کۆمەڵگاوە بەهۆی ئەو

پێشـــکەوتنە زۆرەی جیهان بەخۆیەوە بینیوە، بەهاکان هەروەکو چۆن پارێزێکی گرنگە بۆ گەورەکان، بەهەمان شـــێوە پارێزێکی گەورەیە بۆ منداڵان، چونکە داهاتویان ڕۆشن دەکات و ئایندەیەکی گەشیان بۆ دەستەبەر دەکات، لەبەرامبەردا دژەبەهاکان ڕێك پێچەوانەی هەمو ئەوانەی وتراوە، کاریگەری خراپی لەســـەر تاك و کۆمەڵگا دەبێت، ســـەرەنجام منداڵانیش لەو کاریگەرییە نەرێنییانە بێبەش نابن پروشکی ئاگر بەر ئەوانیش دەکەوێت، ئەم لێکۆڵینەوەمان تایبەتکردوە بە باسکردنی دژەبەها و دەرخستنی گاریکەریان لەسەر تاك، بەتایبەتی منداڵ، ((دیوانی منداڵان)لەتیف هەڵمەت)مان بە نمونە وەرگرتوە، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەیەکە دابەشی دوبەش کراوە:

بەشی یەکەم: تایبەتکراوە بەزاراوە و پێناســـەیی بەها و دژەبەها، لە سێ تەوەر پێکهاتوە، لەتەوەری یەکەم زاراوە و پێناســەی بەها و تایبەتمەندییەکانی بەها خراوەتەڕو، لە تەوەری دوەم زاراوە و پێناســەی دژەبەها و تایبەتمەندییەکانی دژەبەها خراوەتە ڕو، لە تەوەری سێیەم جیاوازی نێوان بەها و دژەبەها خراوەتەڕو.

بەشی دوەم: تایبەتکراوە بەجۆرەکانی دژەبەها و شیکردنەوەی دژەبەها لە دیوانی منداڵانی لەتیف هەڵمەت، لە دو تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باســـمان لە جۆرەکانی دژەبەها کردوە، تەوەری دوەم ئەو دژەبەهایانەمان خســـتۆتەڕو، کە لە دیوانی لەتیف هەڵمەتدا بونی هەیە.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

دژەبەهایەکان دەتوانن کاریگەرییەکی زۆریان لەســـەر منداڵ هەبێت و کەســـایەتییەکەی تێکبدات و کاریگەری نەرێنی لەسـەر هەڵسـوکەوت و پەیوەندییەکانی، لەگەڵ کەسـانی دیکەدا هەبێت، چونکە ئەم دژەبەهایانە لە ڕێگەی کۆمەڵێك سەرچاوەی دیار و نادیارەوە دزە دەکاتە نێو کۆمەڵگا و لەوانەشە بەرلێگرتنیان زۆربەی کات ئاسان نەبێت، چونکە وەکو لێشـــاوێك ملی هەمو کۆمەڵگاکانی گرتوە و ئەو دژەبەهایانە ڕویان لە هەمو ماڵێك کردوە وســـەرەنجام منداڵ، وەکو ئەنـدامێکی خێزان کاریگەری دەبێـت بۆ ئـەو دژەبەهـایـانـە و وێنـەیـەکی نەرێنی بۆ خۆی و ژیان و کۆمەڵگا و ئـاینـدەی لا دروست دەکات، بەجۆرێك ناسروشتی مامەلە، لەگەڵ دەوربەر و نزیکەکانی خۆی بکات.

جا هەمو ئەم کاریگەریانە وای لە من کردوە، ئەم بابەتە هەســـتیارە بکەم بە ناونیشـــانی لێکۆڵینەوەکە و تیشـــك بخەمە سـەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو دژەبەهایانە و کاریگەریان لە سـەر منداڵان بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو شـیعرانەی، کە بۆی نوسراوەتەوە لەلایەن شـــاعیرانەوە، کێشـــەی لێکۆڵینەوەکەی خۆی کورت کردۆتەوە لەم پرســـیارەدا ئەویش: ئایا دژەبەهایەکانی نێو شـــیعری منداڵان هیچ کاریگەریەکی نەرێنیان لەســـەر بیرکردنەوە و ڕفتاری منداڵان دەبێت؟ ئایا ئەم دژەبەهایانە، لەگەڵ تەمەنی منداڵان گونجاوە؟

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

**لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە ڕێبازی(وەسفی- شیکاری)مان بەکارهێناوە.**

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

**گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەچەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:**

1. گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدایە، کە تیشـك دەخاتە سـەر توێژێکی هەسـتاری ناو کۆمەڵگا، کە ئەوانیش منداڵن، بونی هەر کاریگەریەکی نەرێنی لەسەریان ڕاستەوانە کاریگەری لەسەر داهاتوی کۆمەڵگا دەبێت.
2. ئەم لێکۆڵینەوە تیشـــك دەخاتەســـەر ئەو دژەبەهایانەی، کە لە شـــیعرەکانی (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت باسکراوە، کە لێکۆڵەر دەیەوێ بگاتە ئەوەی، کە ئایا بونی دژەبەهاکان لە نێو شیعری منداڵاندا تا چ ئاستێك خزمەت بە بیرکردنەوە و ڕەفتار و تێروانینیی منداڵان دەکات.

3. ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس و پەروەردەناسان لە بونی مەترسـیيەكانی ئەو دژەبەهایانە لە نێو شـیعری منداڵاندا، كە زۆربەیان بۆ تەمەنی منداڵان ناشـێن و بگرە تێڕوانینێكی نەرێنیان بۆ دروسـت دەكات، چونكە نەگەیشـتونە ئەو ئاستەی بتوانن لەو جۆرە بەهایانە بگەن، كە دژی بەهاكانی ناو كۆمەڵگاكەیانە.

**ئامانجی لێكۆڵینەوە:**

ئامانجەكانی ئەم لێكۆڵینەوە لەچەند خاڵێكدا كورت دەكەینەوە ئەوانیش:

1 . دەرخستنی كاریگەرییە نەرێنیەكانیی دژەبەهایەكان لە نێو شیعری منداڵاندا.

2. گرنگیدان بە شیعری منداڵان لەڕوی تێكست و ناوەڕۆكەوە.

3. ئاشـناكردنی منداڵان بە بەها باڵاكانی كۆمەڵگاكەیان بەجۆرێك هاوشـانی تەمەنیان بێت و لە ئاسـتی بیركردنەوە و تێڕوانیان دورنەبێت.

4. ئاگادارکردنەوەی شاعیران و نوسەرانی بواری منداڵانە لە ڕەوچاوكردنی ئەو بەها و نەریتانەی، كە شیاوی تەمەنی ئەو منداڵانە بێت، كە شیعریان بۆ دەنوسن و لەو چوارچێوەیەدا دەرنەچن.

5. بەرچاوڕونیەكە بۆ لایەنی بەرپرس لە بواری پەروەردەدا، كە كاری پێداچونەوەی تەواوی ئەو شـیعرانە بكەن، كە ئاراستەی منداڵان دەكرێت.

## بەشی یەكەم:بەها و دژەبەها

### تەوەری یەكەم:بەها

#### 1- زاراوە و پێناسەی بەها

بەهاكان گرنگییەكی تایبەتیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، چونكە بەهاكان ئەو ڕەفتار و بنەما گرنگانە دەگرێتەوە، كە تاك لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە هەمو بوارە جیاجیاكان ژیانی پراكتیزەیان دەكات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژیانەی، كە لە مێشك و بیروبۆچونیدا هەیە، یان نەخشەی بۆ كێشاوە، كەواتە بەهاكان بەشێكن لە ڕەوشتی مرۆڤ هۆكارێكن بۆ بونیاتنانی كەسایەتی مرۆڤ، دەتوانین بڵێین بەهاكان كۆمەڵێك بنەمایە، یان ڕێسایە، كە ئێمە بۆ حوكمدان لەسەر شتەكان ئاماژەیان پێ دەكەین.

بەهاكان ڕێژەیین لە كولتورێكەوە بۆ كولتورێكی تر، لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر، لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر، لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێن.

بۆ نمونە خۆداپۆشینی ئافرەت لە كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی بەهایەكی ئەخلاقییە، بەڵام لە وڵاتە ڕۆژئاواییەكان هیچ بەها و نرخێك بۆ داپۆشینی ئافرەت دانانێن، بەلایانەوە گرنگ نییە و چەندین نمونەی تر بونی هەیە.

زاراوەی بەها((لە وشەی (Valeo)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، بە واتای(من بەهێزم، من خاوەن تەندروستییەكی باشم) دێ، پاشان ئەم بیرە وای لێهات ئاماژە بۆ بیرێكی گشتی بكات، ئەو بیرەی، كە پێویستە مرۆڤ بەشێوەیەكی پراكتیكی سودبەخش بێت، یاخود خۆگونجێن)) (مستەفا، 2009، 17).

وەكو پێشتریش ئاماژەمان پێكرد بەها گرنگییەكی تایبەتی لە ژیانی تاك و كۆمەڵگا هەیە، بۆیە لەلایەن نوسەران و بیرمەندان چەندین ڕاوبۆچونی جیاوازیان دەربارەی (بەها) خستۆتەڕو:

حسن شحاتە بەم جۆرە بیروبۆچونی خۆی دەربارەی بەها دەخاتەڕو، كە پێی وایە:

((بەها بریتییە لە كۆمەڵێك پێوەر، كە خواستەكانی مرۆڤ دەستەبەر دەكات، كە بەلای خەڵكەوە بەباشی تەماشا دەكرێت، پاشان كار دەكرێت بۆ گواستنەوەی ئەو پێوەرانە بۆ نەوەی داهاتو، تاكو مانەوەی بیپارێزن)) (شحاته، 1989، 87).

كەواتە بەهاكان هۆكارێكن بۆ بونیاتنانی كۆمەڵگایەكی تەندروست، تاكەكان هەر لە منداڵییەوە بەهایەكان لەو ژینگەیە وەردەگرن، كە تێیدا دەژین و لە بیروبۆچونیان جێگیر دەبێت و بۆ نەوەی داهاتو دەگوێزرێتەوە.هیچ كۆمەڵگایەك بێ بەها بونی نییە، كۆمەڵگا و بەها لەیەكتر جیاناكرێنەوە و كاریگەریان لەسەر یەكتری هەیە.

((بەها لە گرنگترین خەسڵەتەكانی كۆمەڵگای مرۆڤە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەر خۆی بابەتی بەهایە، بەوەی پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتییە پەیوەندی بە ڕەگەزی مرۆڤایەتییەوە هەیە، كە سروشتەكەی لە بونی كۆمەڵگەوە وەردەگرێت، هیچ كۆمەڵگەیەكی مرۆڤایەتی بێ بەها بونی نییە)) (مقن وبن بوط، 2019-2020، 3).

هەر كۆمەڵگایەك بەهۆی چەند بەهایەكەوە دەناسرێتەوە، كە جیاوازە لە كۆمەڵگایەكی تر، لە ڕێگەی ئەو بەهایانەی، كە كۆمەڵگا دایناوە، یان لەسەری ڕێككەوتون بڕیار لەسەر هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان دەدەن.

((بەهاكان بریتین لە كۆمەڵێ پێوەر و بنەما، یان ڕێكخستن و ڕێكاری ڕەفتاری، كە مرۆڤ دەیان گرێتەبەر، بەپێی ڕێككەوتنی كۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی هاتونەتە دێ و لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و خێزان و دەزگاكانی تری هاوشێوەیان دەگوازرێتەوە بۆ نەوەكانی تر و هەوڵی چەسپاندن و هێنانە دێیان دەدرێت)) (سعید و علی، 2021، 18).واتە بەهایەكان بەرپرسیارن لە ڕەفتاری تاك، تاك بەرەو ڕێگایەكی دروست ئاراستە دەكات.

((بەهاكان پێداویستی و پاڵنەر و بایەخ پێدان و بۆچون و بیروباوەڕەكانن، كە پەیوەست دەبن بە تاكەوە، كۆمەڵێك پێوەرن بۆ بڕیاردان لەسەر شتەكان چ بەباش، چ بە خراپ، بە باش دانانەكان ئەوانەن، كە تاك هەڵیان دەبژێرێت و بە خراپ دانانەكانیش ڕێككەوتنی ئاوەزی كۆمەڵگان)) (مؤمن، 2011، 78).

بەهاكان بڕیار لەسەر شتەكان دەدەن كامەیان خراپە، یان كامەیان باشە بەپێی ئەو پێوەر و بنەمایەی، كە كۆمەڵگا دایناوە.

لەكۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت:

بەهاكان: بریتین لە كۆمەڵێك بنەما و پێوەر، كە تاك لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەكاریاندەهێنێت، واتە ژیانی تاك بەڕێوەدەبات، وەكو چاودێریكەری ناخی وایە، بەرپرسیارن لە دیاریكردنی لایەنەكانی ڕەفتاری، تاك لە منداڵییەوە بەهاكان وەردەگرێت و لەگەڵ ژیانی بەردەوام دەبێت.

## 2- تایبەتمەندییەكانی بەها

بەهاكان چەند تایبەتمەندییەكیان هەیە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە كورتی دەكەینەوە:

1. بەهاكان بەشێوەیەكی هەرەمی بەیەكتریەوە بەستراون بەو مانایەی، كە هەندێ لە بەهاكان گرنگی زیاتر هەیە لە ژیانی مرۆڤەكاندا بە بەراورد بە بەهاكانی تر، بۆ نمونە بەهای سیاسی لای پیاوێكی سیاسەتمەدار گرنگترە بە بەراورد بە بەهاكانی تر.
2. بەهاكان پەیوەستن بە ئاراستە كۆمەڵایەتییەكان و ئابورییەكان بەگوێرەی سیستمە كۆمەڵایەتییەكان گرنگیدان بە بەهایەكان جیاوازن. بۆ نمونە خواردنەوەی كحول لەلایەن كۆمەڵگایەكی ئیسلامی ڕێگەپێنەدراوە و پاڵپشتی ناكرێت، بەڵام لە كۆمەڵگایەكی ڕۆژئاوایی ئاساییە و ڕێگە پێدراوە(أبو النیل، 2009، 201).
3. بەهاكان بەرپرسیارن لە دیاری كردنی ڕەفتاری مرۆڤ، هەروەها جیاوازی دەكات لە ڕەفتاری پەسند كراو و پەسند نەكراو، كاریگەرییە نەرێنییەكان ڕەفتارە پەسند نەكراوەكان دیاری دەكات.

4. گۆڕانکاری لە بەهایەکان کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ڕەگ و ریشەکەی بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ درێژ دەبێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، ئاسان نییە ریشەکێش بکرێت و ڕەتبکرێتەوە، بۆ نمونە پێوەرەکانی ڕێزگرتن لە باوك لەکۆندا جیاوازە بە بەراوردکردنی لە ئێستادا.
5. ((بەهاکان دەبەسترێنەوە بە بنەما و ئاراستە پەسندکراوەکانی ناو کۆمەڵگا، هەروەها ئەو ڕێگا و شێوازانە ڕون دەکاتەوە، تاکو مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بیگرێتە بەر)) (السيد، 2005، 19). واتە کۆمەڵگا پێوەرەکانی پەسندکردنی بەهاکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دادەڕێژێت، تاکو لەژیاندا پەیڕەوی بکەن.
6. بەهاکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی، کە لە ولاتانی ڕۆژهەڵات گرنگی پێ دەدرێت، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا فەرامۆش کراوە.(السيد، 2005، 19).

## تەوەری دووەم: دژەبەها

## زاراوە و پێناسەی دژەبەها

بەرامبەر هەر بەهایەکیش دژەبەها هەیە، کەواتە ((بەهاکان دوالیزمن، یان دو جەمسەریان هەیە، جەمسەرێکیان ئەرێنی و جەمسەرێکی دیکەیان نەرێنی)) (العوا، 1986، 391).

مەبەستمان لە بەها نەرێنیەکان، دژەبەهایەکانە لە ئەنجامی بەرهەڵستی کردنی بەها ئەرێنیەکان دروست دەبێت.

کەواتە دژەبەهاکان((لە ڕێگەی هەڵپەرستی و خۆپەرستی و ڕق و کینە و زیان گەیاندن بە تاکەکانی کۆمەڵگاوە سەرهەڵ دەدات)) (مقن و بن بوط، 2019-2020، 61).

زاراوەی دژبەها: ئەم وشەیە لە پێشگری (دژ) و وشەی (بەها) پێکهاتوە.

پێشگری (دژ) لە فەرهەنگەکان بەم شێوەیە باسکراوە:

لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە واتای (دژ) بەم شێوەیە دیاریکراوە: دژ: پێچەوانە (هەژار، 1381، 292).

لە فەرهەنگی (Oxford Advanced Learners' Dictionary) بەم جۆرە واتایەکەی لێکدراوەتەوە:

دژ: کەسێك، یان شتێك، کە جیاواز بێت لە کەسێك، یان شتێکی تر.

بەها: بەواتای شتی بەسود و گرنگ دێت، کە کاردانەوەی ئەرێنیان لێچاوەڕوان دەکرێت(Hornby, 2000, 891) .

کەواتە دژەبەهاکان((سیفەتی کارەکتەری ئەخلاقین، کە لەلایەن ئەو کەسانەی، کە پراکتیزەیان دەکەن پێیان وابێ ڕاست بن، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بە نەرێنی دادەنرێت بۆ پێکەوە ژیانی تاك و کۆمەڵگا، چونکە قەیران و گەندەڵی دروست دەکات، کە بە سزا چارەسەرناکرێت)) (Javed, 13/4/2023).

دژەبەهاکان لەلایەن ئەو کەسانەوە پراکتیزە دەکرێت، کە بەلایانەوە ڕاستن. کەواتە دژەبەهاکان ((ئەوانەن، کە بە هەڵوێستی نەرێنی ناسراون، کە دژی بەها ئەخلاقییەکانن، کە ڕەفتاری مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا ڕێکدەخەن و ڕێنمایی دەکەن)) (Rhodes, 10/5/2021).

## 2- تایبەتمەندییەکانی دژەبەها

1. بونێکی نەرێنی بێ کەڵك و زیانبەخشە، زیان بە تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، کەسایەتی تاکەکان لاواز دەکات.
2. کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیان و کۆمەڵگا هەیە، کە بێمتمانەیی دروست دەکات، بەجۆرێك تاکەکان باوەڕیان بەیەکتر نامێنێت و لەگەڵ یەکتری بەگومان دەبن.
3. پێچەوانەی ڕەوشتە، بەپێی دابونەریت و کەلتوری کۆمەڵگایەکە.

4. ڕێ و شوێن بۆ سنوردارکردنیان لەڕێگەی یاسا و ڕێسا و سزاکانەوە دەبێت، ئەمەش لە ڕێگای دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە، کە لە خێزانەوە دەست پێ دەکات.

قەبارەی ئەو زیانانەی، کە دژەبەها دەیگەیەنێت پەیوەستە بە کەلتوری هەر کۆمەڵگایەکەوە، چونکە هەندێك دژەبەها هەیە ناگونجێت، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە بە بەراوردکردن بە کۆمەڵگایەکی تر، بۆ نمونە سۆز و خۆشەویستی لەنێوان خوشك و برا لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتەوە جیاوازە، وەکو کۆمەڵگای ڕۆژئاوا (Javed, 13/4/2023).

**3-جیاوازی نێوان بەهاکان و دژەبەهاکان**

1. بەهاکان بەو هەڵوێستە ئەرێنیانە دەوترێت، کە ئەنجامێکی باشیان بۆ تاك و کۆمەڵگا دەبێت، واتە سیفەتی ئەرێنی و خوازراو بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکات، بەڵام دژەبەها سیفەتی نەرێنی و نەخوازراو بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکات، کاریگەری خراپ بۆ کۆمەڵگا جێدەهێڵێت.
2. بەهاکان مرۆڤ لە کار و کردەوەی ڕاست و دروست نزیك دەکاتەوە، بەڵام دژەبەهاکان مرۆڤ بەرەو کردەوەی هەڵە و نەشیاو پەلکێش دەکات و توشی لەناوچون و شێواندنی دەکات.
3. بەهاکان واتە پەیڕەوکردنی ڕێنماییە ڕەوشتییەکان، بەپێچەوانەوە دژەبەهاکان بەواتای پشتگوێ خستنی بنەما و ڕێنماییە ڕەوشتییەکان.

**بەشی دوەم: جۆرەکانی دژەبەها و شیکردنەوەی لە شیعرەکانی (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت**

**تەوەری یەکەم:جۆرەکانی دژەبەها**

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە هەر بەهایەك دیوێکی تاریکی هەیە، کە دژەکەیەتی چەند نمونەیەکی باوی دژەبەهایەکان دەخەینەڕو:

**دژەبەهای ستەمکارانەی دایك و باوك:**

هەندێك خێزان پیرۆزیەك بە دەسەڵاتی باوك لەناو خێزان دەدەن، بەجۆرێك خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەق و زەبر و توندە، بەجۆرێك پەروەردەیەکی توند و خراپ بۆ منداڵەکانی بەکاردەهێنێت، تەنانەت منداڵەکانیان دەرفەتیان بۆ دەربڕینی بیروڕاکانییان نییە، ئەگەر بیرورای باوکیشیان بەلایانەوە پەسند نەبێت، یان پێچەوانەی بیروڕای منداڵەکان بو، ئەمە هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی متمانە لای منداڵەکان، منداڵەکان کەسایەتییێکی لاواز و بێ دەسەڵاتیان دەبێت.

**1. دژەبەهای بەکاربردن و کارکردنی بێ بەرهەم:**

خراپ تێگەیشتن لە ململانێ ئابوری و ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات و ڕابواردن و هێنانی کلتوری وڵاتەکانی تر، کە لەگەڵ کلتوری وڵاتەکەی نەگونجێ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی ڕەفتاری نارێك و شاز لە کۆمەڵگادا، وەکو نەمانی ئابوری تاکە کەسی و بەهەدەردانی تواناکانی کرێکاران و نەبونی بەرهەم و نەمانی گیانی کاری بەکۆمەڵ.

**2. دژەبەهای کۆتکردنی تواناکانی ئافرەتان و لاوان:**

لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی تواناکانی پیاوان بەرزڕادەگیرێ و تواناکانی ئافرەتان بەکەم سەیر دەکرێت، ئەگەرچی ئافرەتان ئەرکیان لە پیاوان زیاترە و دو ڕۆڵ دەگێڕن، یەکەمیان لە ماڵەوە: ئەرکی پەروەردەکرن و بەڕێوەبردنی ماڵەوەیان لە ئەستۆ دایە، دوەمیان لە دەرەوە: کە فەرمانبەرە، یان هەر کارێکی تر بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، بە پێچەوانەوە پیاوان، کە تەنها ڕۆڵیان لە دەرەوەی ماڵە (شحاتە، 1989، 90-91).

**3. دژەبەهای نادادپەروەری:**

بەهایەکەی دادپەروەرییە، بەهۆی پابەندنەبون بە یاسا، یان ڕێساکان، بەهۆی نادادپەروەرییەوە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا توشی زیان و ناخۆشی دەبێت و دەتوانرێت کەسە نادادپەروەرەکان سزا بدرێت.

**4. دژەبەهای جیاوازیکردن:**

واتە ڕەتکردنەوە و بێ ڕێزی و هەڵوێستی توندوتیژ بەرامبەر بە مرۆڤەکان بەهۆی ڕەگەز و کولتورەوە، بۆ نمونە ڕەتکردنەوەی ڕەش پێستەکان لەلایەن سپی پێستەکانەوە لە هەمو سەردەمێکدا.

**5. دژەبەهای قبوڵ نەکردن (ڕەتکردنەوە):**

ڕەتکردنەوەی مرۆڤەکان لەلایەن یەکترییەوە بەهۆی شێوازی جل و بەرگیان، یان بیرۆکەکانیان، یان کلتور و ئاینەکەیان، بۆنمونە ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام لەلایەن ئاینە جۆراوجۆرەکانەوە بە پێچەوانەش.

**6. دژەبەهای شەڕ:**

بەهایەکەی ئاشتییە، بەهۆی ڕوبەڕو بونەوەی جەنگەوە دروست دەبێت، کە تیایدا وێرانکاری و مردن و ئاوارەبون و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ڕودەدات، کاریگەری لەسەر سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا دەبێت.

**7. دژەبەهای توندوتیژی:**

بەکارهێنانی هێزە لەلایەن مرۆڤەکانەوە بۆ بەرامبەرەکەیان، بۆ زیان گەیاندن بە جەستە، یان دەرونی مرۆڤەکان بە ئامانجی زاڵبون بەسەر کەسی بەرامبەر.

**8. دژەبەهای بێ ڕێزی:**

نەبونی ڕێز و بێباکییە بەرامبەر بە کەسێکی تر. جا بێ ڕێزییەکە لەڕێگای ڕەفتارەکانی بێت، کە بەرامبەر بە کەسەکان ئەنجامی دەدات، یان لە ڕێگای دەربڕینی وشە و زاراوەی نەشیاو بێت.

**9. دژەبەهای کۆیلایەتی:**

ملکەچکردنی کەسێك، یان گروپێکی تر لە ڕێگەی هێزی جەستەیی، یان دەرونی، لە گەڵ پێشێلکردنی ماف و ئازادی مرۆڤ، بەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دەرون و جەستە دروست دەکات و لە ڕێگای کۆیلایەتی کردن توشی بێمتمانەیی و باوەڕبون بەخۆیان دەبن.

**10.دژەبەهای ئیرەیی:**

ئەو هەستەیە، کە لە مرۆڤ دروست دەبێت، کاتێك دەستکەوتەکان، سەرکەوتنەکان، یان سەرکردایەتیکردنی ئەوانی تر بێزاری دەکات، وا هەست دەکات، کە ئەو توانای سەرکەوتنی نییە بە بەراوردکردن بە ئەوانی تر.

**11.دژەبەهای دوڕویی:**

سیفەتێکی ناشرینی مرۆڤە، کە بریتییە لەوەی شتێك دەشارێتەوە و شتێکی تر ئاشکرا دەکات، مرۆڤە دوڕوەکان بەو سیفەتە هەوڵدەدەن ڕەزامەندی خەڵك بەدەستبهێنن نەك خوا، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەردەوامن لە فێڵکردن و درۆکردن. کەسانی دوڕو هەمیشە کردار و نهێنییەکانی خۆیان دەشارنەوە و کردار و قسەیەکی تر ئەنجام دەدەن، پێچەوانەی سروشتی ڕاستەقینەی خۆیانن، ئەوان دەمامك دەبەستن، کە دەکەوێتە خوارەوە ڕوی ڕاستەقینەیان بەدیار دەکەوێت، پێچەوانەی ئەوانەی، کە دەیانخەنە ڕو، ئەوکات توشی سەرسوڕمان دەبین لەبەرامبەر ڕاستییەکان.

**12.دژەبەهای درۆ:**

درۆکردن یەکێکە لە سیفەتە ناشیرنەکانی مرۆڤ، ناوبانگێکی خراپی لەناو کۆمەڵ دەبێت و کەس متمانەی پێ ناکات، تەنانەت ئەگەر قسەیەکی ڕاستیش بکات، لە ئاینی ئیسلام هەمو جۆرە درۆیەك نەفرەتی لێکراوە، وە لە قورئانی پیرۆزیش

لە چەند شوێنێكی جیاواز ئاماژەی پێكراوە، وەك لە سورەتی (النحل)لە ئایەتی(105)بەم شێوەیە خوای گەورە فەرمویەتی(إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ )، درۆ كاریگەریی نەرێنی لەسەر كۆمەڵگا بەجێ دەهێڵێت و كەسانی درۆزن شتێك دەڵێن پێچەوانەی واقیعە.

**13.دژەبەهای تەمبەڵی:**

یەكێكی ترە لە سیفەتە ناشیرنەكانی مرۆڤ، كە خۆیان بە دور دەخەن لە ئەنجامدانی كارێك، یان بەرپرسیارەتیەك، كە پێویستە لە سەریان جێ بە جێی بكەن. تەمبەڵی ئێستا، وەكو دیاردەیەكی لێهاتوە لەناو كۆمەڵگا، كەسی تەمبەڵ بە درێژایی ڕۆژگار هەست بە شڵەژانی دەرونی دەكات و هەمو كات لەڕوی جەستەییەوە هەست بە ئێش و ئازار و نارەحەتی دەكات، بە واتایەكی تر كەسانێكن حەز لەكار، یان خوێندن، یان خودی ژیان ناكەن، تەنانەت بچوكترین هەوڵ بۆ ئەنجامدانی هیچ چالاكییەك نادەن (Javed, 13/4/2023).

**14.دژەبەهای خۆپەرستی:**

مرۆڤی خۆپەرست تەنها گرنگی بەخودی خۆی دەدات، بێ گوێدانە هەستی بەرامبەر، هەستی خۆشەویستی ڕادەبەدەری بۆخۆی هەیە، تەنها خەمی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیەتی، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی كەسانی دەوروبەری بكات، ئەم جۆرە كەسانە حەز و ئارەزو و پێداویستییەكانی خۆیان لەسەروی هەمو خواست و ئارەزوەكانی خەڵكی دادەنێن، تەنانەت بچوكترین ڕەخنەش لە كەسانی دەوروبەر پەسند ناكەن، بە بۆچونی خۆیان ئەوان لە هەمو كەسانی دەوروبەر لە روی كەسایەتی و هەڵسوكەوت و جل و بەرگ... هتد تەواوترن، هەمیشە بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی كەسانی تر.

**15. دژەبەهای ڕق لێبونەوە:**

ڕق لێبونەوە دژەبەهای خۆشەویستییە، كە هەڵوێستێكی نەرێنی لە تاكەكان دروست دەكات، دژایەتی خۆشەویستی دەكەن، ئەو جۆرە كەسانە ئاواتەخوازی خراپە بۆ كەسانی تر دەخوازن، كە بەهۆی دو هۆكار ئەو هەڵوێستە نەرێنیە دروست دەبێت، یەكەم: كەسی بەرامبەر ئازاری داوە و دڵی شكاندوە، دوەم: بەهۆی باڵابونی كەسی بەرامبەرە لە بوارەكانی ژیان، كە ناتوانێت، وەك ئەو بێت، ئەو هەڵوێستە نەرێنییە دروست دەبێت.

**15.دژەبەهای دوژمنایەتی:**

دوژمنایەتی دژەبەهای دۆستایەتییە لەنێوان دوكەس، یان زیاتر ڕو دەدات، ڕق و كینە و دوبەرەكی و دوركەوتنەوە دروست دەكات، كەسەكان هەوڵی تۆڵە سەندنەوە لە یەكتری دەدەن (Rhodes, 9/2/2021).

**16.دژەبەهای ناپاكی** (خیانەت):

ئاماژەیە بۆ نەبونی بەرپرسیارێتی و پابەندبون و ڕێز و كۆڵنەدان، كە ڕەنگە هەندێك تاك هەیانبێت، كە دەبێتە مایەی غەم و ئازار بۆ كەسانی دەوروبەر، زۆر جار كارەسات و ڕوداوی چاوەڕوانكراوی لێ بەدی دەكرێت، كە كار دەكاتە سەر داهاتوی تاك و كۆمەڵگا (Rhodes, 9/2/2021).

**تەوەری دوەم: شیكردنەوەی دژەبەها لە دیوانی منداڵانی لەتیف هەڵمەت**

(دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت پێكهاتوە لە چەندین شیعرو چیرۆك بۆ منداڵان، ئێمە تیشكمان خستۆتە سەر ئەو ئەو دژەبەهایانەی لە شیعرەكاندا باسكراوە. چەند نمونەیەكمان وەرگرتوە و باسی لایەنە نەرێنیەكانمان كردوە و گاریكەریكانمان لە سەر منداڵان خستۆتەڕو.

منداڵێكی ئاوارە بو لە شـــاران

هێنــدە گریا.. هێندەی نـــاڵان
دەورەیان دا مەلائیکە و پەری ئاسمان
لەگەڵ خۆیاندا بردیــان بۆ هەزاران
شـــاری جــوان جـــوان
بـــۆ بەهــەشــتی فـراوان
بـەهەشتی پــڕ گوڵ و هەنـگوین
بەهەشتــی پڕ ئەستێرەی شــین
هــەزار هــەزار بوکەشـوشـە و
شـەکرە سـێو هەناری زێرینیان دایێ
هەزار هەزار پفیـلکی ڕەنگاو ڕەنگ و
میـوەی شیـرینیــان دایــێ
گریاو گریاو فرمێسکی ڕشت وەکو باران
هـــاواری کـــــــرد:
ئێرە کـوێیە؟ ئەڕۆمەوە بۆ نیشتـمان .( هەڵمەت،2013،ل27)

شــاعیر لە شــیعری (مناڵێکی ئاوارە) باس لەو هەســت و ســۆزە دەکات، کە منداڵێکی ئاوارە بۆ نیشــتمانەکەی خۆی هەیەتی، وەکو دەزانین ئاوارەکان بە هۆی هەندێك هەلومەرجەوە وڵاتەکەی خۆیان جێهێشتوە، وەکو ترسان لە کوشتن و جەنگ و لاوازبونی لایەنی دارایی، یان بەکارهێنانی زەبر و توند و تیژی لەلایەن دەســەڵاتدارانی وڵاتەکەیان ... هتد، هەمو ئەمانە وا دەکات ئەم خێزانە ڕوبکاتە ولاتێکی تر، بە ئـامانجی گەڕان بەدوای ژیانێکی باشـــتر و ســـەلامەتتر و دەستکەوتنی هەلی کاری باشتر.

ئەگەرچی بە کۆچکردنیان بۆ ئەم وڵاتانە کۆمەڵێك پێداویســـتی ژیانیان بۆ دەســـتەبەر دەبێت، بەڵام لەبەرامبەرییدا کۆمەڵێك دەســـتەکەوتی دیکە لەدەســـت دەدەن، کە لە وڵاتی خۆیان بونیی هەبوە، وەك لەدەســـتدانی پەیوەندیی و نەریتەکۆمەڵایەتییەکان، ئەمانەش کاریگەری لەســـەر جەســـتە و دەرونی تاکەکانی بەجێ دەهێڵێت، بەتایبەتی منداڵان و گەنجان بەهۆی تەمەن و کەمی ئەزمونەوە توشی ئاســـتەنگ دەبن، چونکە ڕوبەڕوی ژینگەیەکی نوێ و کەلتوری نوێ دەبنەوە، کە دەبێت خۆیان، لەگەڵ بگونجێنن، جا ســـەرەڕای لەو بەهەشـــتەی، کە بۆ منداڵە ئاوارەکە ڕەخســـاوە لە وڵاتانی تردا هێشتا منداڵەکە هەست بەو خۆشی و خۆشگوزەرانییە ناکات، بەڵکو ئارەزوی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی دەکات، چونکە تێیدا هەست بە نامۆیی و بێزاری و ئاوارەیی دەکات.

ئەو دژەبەهایەی، کە شـاعیر لەم شـیعرە باسی کردوە، ئاوارەبونە، کە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسـەر تاك بەجێ دەهێڵێت لە هەمو تەمەنەکان و بەبێ جیاوازی ڕەگەز، بەتایبەتی منداڵ، چونکە ئەم جۆرە بەهایە لە دەروەی ئاستی تێگەیشـن و بیرکردنەوەی منداڵانە و دەکرێت بۆ تەمەنی منداڵ شـــیاونەبێت، کە پێویســـتە لەبری ئەو جۆرە بەهایانە جێگرەوەی باشــتر و چاکتر بەکاربێت، تاکو منداڵ لەسـەری پەروەردە بێت و گەشـەبکات، ئەم بەهایە دەکرێ بۆ کەسـانی گەورەتر ڕون بکرێتەوە، کە ئاســتی تێگەیشــتنیان فراوانترە و قبوڵی ئەو واقیعە تاڵە دەکەن، بەڵام هەرچی منداڵانە لە دونیایەکی پڕ لە پاکی و جوانیدا دەژین بۆیە پێویســـتە شــاعیر لە شــیعرەکانی ڕەچاوی هەمو ئەو چەمك و دەســـتەواژانە بکات بۆ منداڵانی تەمەن بچوك دەشێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر بیرکردنەوە و هەست و دەرونیان دروست دەکات. هەروەها

دەکرێ ئەم جۆرە دەستەواژانە ترس و دڵەراوکێیەك و هەستی نەرێنی و پاڵەپەستۆیەکی دەرونی بۆ منداڵان دروست بکات، لەبەر ئەوەی لە ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئەوان بەدەرە.

منـم بەردە قارەمان

شانازیم بۆ کوردستان
بەردێکی گەورەو دیارم
لە مێژودا ناو دارم
شێخ مەحمودی پاڵەوان
گەورە پیاوی نیشتمان
لەدەوروبەری منـدا
وەستا لە روی دوژمندا
دەنگم هەر لە گوێ دایە
دەیگوت ناپاك نەبوایە
چیای بازیان سەر تاخوار
دەبو بە گۆڕی زۆردار
هەرچـی کـەسێ ناپاکی
بکات لـەگـەل و خاکی
لـە ئابـڕو بێ بەشـە
لە مێژودا ڕو ڕەشـە
منــم بەردە قـارەمـان
شـانازیم بۆ کـوردسـتـان( هەڵمەت،2013،ل118)

شـاعیر لە شـیعری (بەردە قارەمان) باس لە دژەبەهایەك دەکات، کە ئەویش (ناپاکی)ە، دیاردەی ناپاکی لەناو نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژو نەوە لەدوای نەوە لەناو گەل و هۆزەکانی کورد هەبوە، تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە، تەنانەت ناپاکی لە مێژوی کوردا بۆتە مۆرێکی ڕەش و ناشرین و لە شیعری زۆرێك لە شاعیران و نوسەران ڕەنگی داوەتەوە.

شـاعیر لە ڕێگای (بەردە قارەمان) ئەو هەسـتەی خۆی دەردەبڕێت و بۆ منداڵان ڕون دەکاتەوە، ئەگەر کەسـانی ناپاك لەناو میللەتی کورد نەبوایە، ئەوا دوژمن لەناو دەچو و نەیدەتوانی کورد بکوژێت، هەروەها بۆ منداڵان ڕون دەکاتەوە، کە کەسی ناپاك کەسێکە لە مێژودا بە ناشیرنترین شێوە و بەبێ ڕەوشت باس دەکرێت. لێرەدا شاعیر باس لە دژەبەهای ناپاکی دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کەسی ناپاك زیان بەخۆی و دەوروبەر دەگەیێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم شـیعرە ئاراستەی منداڵانە و منداڵیش ئاستی بیرکردنەوە و تێگەیشتن کەمە و لە دونیایەکی سادە دەژیت، پێویست بو لەسەر شـاعیر لەبری دژەبەهای ناپاکی بەهایەکی باڵایی جوانی فێری منالان بکردبایە، چونکە ئەم چەمکە لە دەرەوەی ئاستی تێگەیشتنی منداڵە، دەکرا شاعیر لەبەری ناپاکی بەهای دڵسۆزی و خۆشەویستی و فیداکاری و سۆزداری ....هتد لە شیعرەکانی بۆ منالان بهێنابایەوە.

بەدیجلەم گوت: تۆ خەڵکی کوێی
ڕەنگت وا ڕون و ڕەوانـە

وتـی خـەڵكـی وڵاتێـكم
كە تـۆش هەر خەڵـكی ئەوێ
دایكــم ناوی چاوگـەی وانە
وڵاتیشــم كوردســتانە
منیش وەك تۆ هەموهیواو ئاواتێكم
یەكبـونەوەی نـیشتمانـە
منیــش وەك تۆ بـێزارم
لـــەم سنورە دەسـكردانە
منیـــــش وەك تۆ بێزارم
لــە سێبـەری بێــگانە( هەڵمەت،2013،ل231)

شاعیر لە شیعری (ئاو) باس لە كوردستان دەكات، كە بەهۆی دوژمنانییەوە پارچە پارچە بوە، سنوری دەستكردیان بۆ دروست كردوە، یەكبون بنەمای هەمو گەشەسەندنێكی ژیانە، بە پێچەوانەوە یەكنەگرتنیش هۆكارێكی سەرەكی شكست و وێرانكاریە، یەكبونی نیشتمانیش لە ئەستۆی كەسانێكە، كە بەرپرسیاریەتی یەكخستنی میللەت لەسەر شانی خۆیان هەڵبگرن، بەرژەوەندی گشتی لە بەرژەوەندی تاكەكەسی خۆیان بە باشتر بزانن.

شـاعیر لەم شـیعرەدا باس لە دژەبەهای دوژمن و بێگانە دەكات، چۆن وڵاتی كوردسـتانیان دابەشـكردوە، تاكی كورد بەهۆی ئەوانەوە توشی بێزاری و ناخۆشی ژیان بونە، وەكو زانراوە، كورد بە بەدرێژایی مێژو دوژمنی زۆربوە و ڕێگایانە نەداوە سـەربەخۆیی خۆی بەدەسـتهێنێت و ببێتە دەوڵەت، بەڵام ئەوەی جێگای باسـكردنە لێرەدا ئایا دژەبەهای دوژمنایەتی و شـەڕ و ناكۆكی و وێرانكاری و ناسـۆرییەكانی میللەتی كورد شـیاوە بۆ منداڵانی تەمەن بچوك باسبكرێت، وە ئایا منداڵان قبوڵی ئەو جۆرە دەسـتەواژانە دەكەن؟ دەكرا لە بری دوژمنایەتی و وێكرانكاری و ناسـۆری كورد شـاعیر ئاماژەی بە برایەتی و تەبایی و پێكەوەیی نەتەوەكان و مێژوی پر سـەرەوەری كوردسـتان و جوانی خاكەكەی و بوێری تاكەكانی و مێژوی پر شكۆ و سەرەوەری كوردستانی بۆ منداڵان لە شیعرەكانیدا بكردبایە.

جگـەرە ناكێشـم تاڵە
دوژمنـی گەورە و منداڵە
جـگەرە دەردو پـەتایە
زەهـری كوشندەی تیایە
باوكم جـگەرە ناكێشێ
دورە لەهەمـو ئێشێ
زۆر لەش ساغ و بیر وردە
هەمیشە بە دەست و بردە
مامەكەم جـگەرە خۆرە
لاوازو ددان كـلـۆرە
هەمیشە نەخۆش و زەردە
گرفتاری سـەد دەردە

جگـەرە ناكێشـم تـاڵە

دوژمـنی گەورە و مـنداڵە( هەڵمەت،2013،ل167)

شاعیر لە شیعری (زیانی جگەرە) لەسەر زاری منداڵێكەوە باس لە زیانەكانی جگەرە كێشان دەكات، هەروەها ئەو كێشە تەندروستیانەی، كە بەهۆی جگەرەوە ڕودەدەن، ئەمەش بە بەراوردكردن لەنێوان ئەو كەسانەی، كە جگەرە دەكێشن، لەگەڵ ئەو كەســانەی، كە جگەرە ناكێشــن، كە دەبێتە هۆی كەم بونەوەی چەندین هۆكاری مەترسی، چونكە جگەرە كێشان زیان بە ئەندامەكانی جەستە دەگەێنێت و كاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی گشتی جێ دەهێڵێت، كە دەبێتە هۆی توشبون بە چەندەها نەخۆشی، هەروەها سیستەمی بەرگری لەش كەم دەكاتەوە، سەرەڕای ئەوەی، كە هۆكارێكە بۆ پیسبونی ژینگە.

شاعیر لەڕێگای ئەم شیعرەوە باس لە دژەبەهای زیانەكانی جگەرە دەكات، ئامۆژگاری منداڵان دەكات، جگەرە نەكێشن ناوەرۆكی شـیعرەكەی شـاعیر دەتوانین بلێن زۆر شـیاو و گونجاوە بۆ تەمەنێك، كە كەســەكان تێیاندا دەســتیان داوە جگەرەكێشان، یان لەسەرەتای ئەو كارەدان.

گـۆرەویەكەم چڵكن بو

گوێم لە زێیە ڕۆشن بو

پێی وتم بە زەردەخـەنە

گۆرەویــەكەت بۆگەنە

قوتابییـە، ژێــری تۆ

خێــراكـە بڕۆ بیشۆ

گۆرەوی پیـس و بۆگەن

منـاڵان بــێزار ئەكەن

ئـەی منـاڵان تكــایە

یا خــۆتان یاخود دایە

هەنتەی دوجار مەڵێن چۆن

گۆرەویەكانتـان بشـۆن.( هەڵمەت،2013، 241)

شـاعیر لە شـیعری (گۆرەوی چڵكن) لە ڕێگای باسـكردنی (گۆرەوی چڵكن) هانی منداڵان بۆ پاك و خاوێنی دەدات، پاك و خاوێنی كۆمەڵێك كاری پراكتیزیيە، كە مرۆڤ ڕۆژانە بۆ پاك ڕاگرتنی خۆی و دەوروبەرەكەی ئەنجامی دەدات، چونكە گرنگییەكی زۆری بۆ پاراســتنی تەندروســتی هەیە، هەروەها پاراســتنی لە میكرۆب و نەخۆشی، كە كاریگەری لەســەر جەستە و دەرون جێ دەهێڵێت، پشتگوێ خستنی پاك و خاوێنی دەبێتە هۆی توش بون بە چەندین نەخۆشی، هەروەها بێزاربونی كەســەكانی دەوروبەری، تەنانەت ئاینی ئیســلامیش ئامۆژگاری موســڵمانان دەكات، كە پاك و خاوێن بن و دوركەونەوە لە پیسی. پێغمبەرمان(د.خ) لەم بارەیەوە فەرمویەتی ((تنظفـــوا فإن الإسـلام نظيـــف))، شـاعیر باس لە دژەبەهای پیسی دەكات، كە بەهایەكەی خاوێنییە، كاریگەریە نەرێنییەكان بۆ منداڵان ڕون دەكاتەوە، باسكردنی ئەم دژە بەهایە بۆ منداڵان گونجاوە، لە هەمو تەمەنێكدا.

لە پۆلەكەمـدا تابلۆیـەك

هــەڵواســـــرارە

سوره وەکـو پشکۆیەک
ســـور ســـوره
خـــــوێـــناوه...
دوکەڵێـکی ڕەش و چڵکن
بـەدەوریــدا وروژاوه
بەهــەزاران منـاڵ و ژن
لەناوەندی تابلۆکەدا کوژراوه
ئەی منــاڵانی جیــهان
ئـێـــوه کێتـــان
ناوی ئەم تابـلۆیە دەزانن...
گـوێــم لـێبـگرن
ئەم تابلۆیەی کە نوقمی خوێناوه،
هەڵەبجــەی شـەهیدی ناوه( هەڵمەت،2013، 295)

شاعیر لە شیعری (تابلۆیەك) باس لە کارەساتێکی مێژویی گەلی کورد بۆ منداڵان دەکات، ئەویش شەهید بونی پێنج هەزار کەسی بێتاوانی هەڵەبجەی شـــەهیدە، لە ئەنجامی بۆردومانکردنی شـــارەکە بە چەکی کیمیایی قەدەغەکراو بەدەستی ڕژێمی (بەعس)ی چەپەڵی ئەو سەردەمە، بە سەرکردایەتی (صدام حسێن) سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عێراق. شاعیر لەڕێگای ئەو شیعرەوه دەیەوێت بۆ منداڵانی کوردو جیهانی ڕون بکاتەوه، کە میللەتی کورد ئەو کارەساتە دڵتەزێن و ناخۆشەی بەسەرهاتوه. شاعیر لەم شیعره باس لە دژەبەهای کوشتن و ماڵ وێرانی دەکات، کە بەهۆی زۆری زۆرداری ڕژێمی بەعسیـ ئەوکاتە ڕویداوه. ناوەرۆکی شـیعرەکە نیشـانەی سـۆزی خۆشـەویسـتی و خەمخۆری شـاعیره بۆ ســتەملێکراوانی هەڵەبجە، بەڵام بونی دژەبەهاکانی، وەکو کوشـــتار و خوێن و وێرانکاری و برین و ســـوتان و کیمیاوی لەوانەیە بۆ منداڵێکی تەمەن بچوك زۆر شـــیاو نەبێت، چونکە ئەوانە لە جیهانێکی پڕ پڕ لە پاکیدا دەژین و ئەم جۆره دەستەواژانە لەوانەیە ترس و دڵەراوکێی و ڕاپەڕین و لەرز بخاتە دڵی منداڵانەوه و شەوانە بێتەوه خەونیان، بەڵێ پێویستە منداڵانمان بەو ستەمە گەورەیە بزانن، کە دوژمانی کورد لە شاری هەڵەبجە کردویانە، بەڵام پێویستیشە شاعیر بزانێت، کە شـــیعرەکانی خۆی ڕوەوکێی دەکات و بۆ چ جۆره تەمەنێکی دەنوســـێت؟ بۆ ئەوەی بتوانی بە تەواوی و ڕاســـت و دروســـت و پەیامەکانی خۆی بە نەوەی داهاتو بگەیەنێت، ئەم شـــیعره بۆ منداڵانی گەورەی، ســـەروی تەمەن(15) گونجاوه.

ورچێکی خەواڵو هەبو
چونکە بێ ئیش و کاربو
دانیشـتوانی دارسـتان
لێی بێزار بون هەمویان
کـەهــەلی دەستکەوتایە
هــەرچەندێکی بتوانیایە
بەروبــومی دەدزی

دەیویسـت بەدزی بژی
ڕۆژێ ئـاژەڵی دارستان
خۆیان لێ مەڵاس دا جوان
هـەمـو پەلاماریان دا
بەرکـوتەك و داریان دا
لەو ڕۆژەرە.. ورچەی نەزان
کەوتە ئیش لەناو دارستان
ئێستـاکە ورچ پاسـەوانە
پاســەوانی دارسـتانە( هەڵمەت،2013، 299)

شـــاعیر لە شـــیعری (ئیش و کار) لەڕێگای باســـکردنی ورچێکی خەواڵو باس لە دیاردەی تەمبەڵی بۆ منداڵان دەکات، یەکێکە لەو دیاردانەی، کە لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەمو چین و توێژە جیاجیاکان بونی هەیە، شـــاعیر باس لەو پاڵنەرەش دەکات، کە هـانی ورچەکەی داوە ئیش بکات، ئەویش زەبر و لێدانە، لەکاتێکدا هەمو تـاکێك لە کۆمەڵگا پێویستە کاربکات، تاکو بژێوی ژیانی خۆی پەیدا بکات، نەك لەسەر ڕەنج و شانی کەسانی تر بژیت، شاعیر باس لەوەش دەکات، کە کەســانی تەمبەڵ لەناو کۆمەڵگا خەڵك لێیان بێزارە و بەچاوی کەم ســەیر دەکرێن، دەیەوێت ئەو پەیامە بە منداڵان بگەیێنێت لە هەمو قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیان کاربکەن و ڕەنج و بەرهەمی خۆیان بخۆن.

شـــاعیر باس لە دژەبەهـای تەمبەڵی دەکات، کە بەهـایەکەی ئیشـــکردنە، کاریگەری نەرێنی لەســـەر ژیان بەجێدەهێڵێت. شـــاعیر باسی ئەو پاڵنەرەشی کردوە، کە بۆتە هۆی چالاك بونی ورچەکە، کە لێدانە ئەمەش پاڵنەرێکی نەشـیاوە بۆ پەروەردەکردنی تاك، وا لە بیرکردنەوەی منداڵان جێگیر دەبێت، کە لێدان تاکە هۆکارێکە بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان.

پـڕ گوڵی جـوانە ماڵمانە
گوڵــی نـازدار و نیان
گوڵی سور و سەوز و زەرد
گـوڵی شاری و گوڵی هەرد
گشــت گوڵێکم خۆشـدەوێ
گوڵ بۆ هەمومـان دەڕوێ
زۆر ڕقـم لە تـفـەنگە
تفـەنـگ حەزی لە جەنگە
گوڵ هـەر گوڵاو دەپـژێنێ
تفـەنـگ خوێناو دەڕژێنێ
بژی گــوڵی ڕەنگاو ڕەنگ
بمرێ... بابمـرێ تـفەنـگ.( هەڵمەت،2013، 321)

شـــاعیر لە شـــیعری (جۆرەکانی گوڵ) باس لە تفەنگ دەکات، کە دەبێتە هۆی ڕودانی جەنگ و شـــەڕ، جەنگیش لە ئەنجامی ململانێیە ســـەربازییەکانەوە ڕودەدات، بەمەش هاوڵاتی مەدەنی و ســـەربازی لەڕوی جەســـتەیی و دەرونی و

ئابوری و خزمەتگوزارییەکان ... هتد، زیانیان پێدەکات. هەروەها مەترســیەکانی جەنگ چەند کاریگەریان لەســەر گەورەکان هەبێت ئەوا بۆ منداڵەکان دەبێتە دو هێندە، منداڵان توشی بێ باوکی و مردن و ئاوارەبون و ... هتد دەبنەوە، کە کاریگەری لەســەرِ قۆناغەکانی ژیانی داهاتویان دەبێت، لە ئەنجامدا نەهامەتییەکی زۆر توشی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت.

شـــاعیر باس لە دژەبەهای جەنگ دەکات، کە بەهایەکەی ئاشــتییە، کە کاریگەری نەرێنی بۆ منداڵان هەیە. هەم دیسانەوە ئەگەر بروانینە شیعرەکە دەبینین جارێکی دیکە شاعیر ئاماژە بە شتانێك دەکات، کە منداڵان پێی ئاشنا نین و لە ئاست و بیرکردنەوە و وێناکردنی ئەوان نییە، ئەگەرچی شاعیر لەسەرەتاوە به شێوەیەکی ناسکانە هاتوە، بەڵام دواتر کۆتایی بە قورسی دەهێنێت، گوڵ ناسکە، وەکو ناسکی منداڵان بۆیە نەدەبو شاعیر ناسکی گوڵ ببەستێتەوە بە ناشیرینی تفەنگەوە، گوڵ جیهانێکی پر لە جوانییە، وەکو جیهانی منداڵان، بەڵام هەرچی تفەنگە جیهانێکی وێرانەیە، وەکو جیهانی گەورەکان بۆیە پێویســت بو لەســەر شــاعیر ئەم دو جیهانە تێکەڵی یەکتری نەکات، بەڵکو هەر لە جیهانە گوڵاویەکە بمابایەوە زیاتر کاریگەری ئەرێنی لەسەر منداڵان دروست دەکرد و بیروتێروانینی منداڵانی لە گوڵ جیانەدەکردەوە.

خـۆری ڕاپـەڕیـن هەڵات
ڕونــی کــردەوە وڵات
هــەڵات خــۆری ڕاپـەرین
سەربەخۆیــی پێ بەخشـین
خۆری ڕاپــەڕین دەرکـەوت
گوڵ و ئازادیـمان دەسکەوت
ڕاپــەڕیـن... ڕاپــەڕیـن...
ڕاپــەڕیــن... ڕاپــەڕین
ئێستا بـە ئــازادی دەژین
شـانـازییـە بۆ گشتـمان
بۆ هەمو چەوساوەی جیـهان
لە ڕاپــەڕیندا منــاڵان
منـاڵانــی کـوردسـتـان
لە ڕوی دوژمنــدا وەستـان
تانك و زریپۆشیــان شـکان
بــژی مــناڵانی کوردستان
لەشکری دوژمنیــان تۆقـان( هەڵمەت،2013، 336)

شـاعیر لە شـیعری (ڕاپەڕین) باس لە ڕاپەڕینی گەلی کورد دەکات، لە کوردسـتانی باشـور، کە ڕۆژی ئازادکردنی گەلی کورد بو لەژێر دەسـتی ڕژێمی بەعس، باس لە ئازایەتی و چاونەترسی منداڵانی کورد دەکات، کە دژی دوژمن وەسـتاون، تانك و زرێپۆشـیان شـکاند. لێرەدا شـاعیر باس لە دژەبەهای دوژمن دەکات، کە بەهایەکەی دۆسـتە، ئەم شـیعرە بۆ منداڵان گونجاو نییە، چونکە منداڵان نابێت بەشداری جەنگ و شەڕ و پێکدادان بکەن.

ئەوەی پێویســتە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە بیر و هۆشی شــاعیر زۆر فراوانە و پێویســتە لە جیهانی منداڵان دەرنەچێت، هەر لەو جیهانە پڕ لە جوانی و وەنەوشــیە بخولێتەوە و پێویســـتە ناکات تێکەڵی جیهانی گەورەکانی بکات، شـــاعیری منداڵان دەبێ ناسکتر لە گوڵ شیعرەکانی بۆ منداڵان بنوسێت و لەبری دژەبەهای دوژمن دەکرا ئاماژەی بە هاوڕێیەتی و دۆســـتایەتی و وەفایی و خۆشـــەویســـتی و پێکەوەبونی بکردبایە، کە ئەم لایەنەیان زیاتر خزمەت بە منداڵان دەکات و هەســت و ســۆزیان دەبزوێنیت لەســەر ئەو بەها باڵایانە گەورە ببن و پەروەردە ببن، نەك بەهایەك دژ بە بەها باڵاکانی، کە لە ئاســتی بیرکردەوەی ئەواندا نییە، دەشێ بۆ تەمەنێکی گەورەتر لەجێی خۆی بێت، بەڵام بۆ منداڵان لەوانەیە بەجێ و ڕێی خۆی نەبێ.

کامەیـە مـافی منداڵ
نوستنی بەر باران و سواڵ
یا جگـەرە فــرۆشتن
یا لەســـەر جادە خەوتن
یا بێبەش بون لە خوێندن
لێدان و ســەرکوت کردن
ژینــی ناخۆشتر لە مردن
یا وەکو – لـەرێ - کوشتن
ئەمەیـە مـافی منـداڵ
ڕۆژی تار و شــەڕی تاڵ
هـــاوارە هــاوار دادگە
بە فــریای منـداڵان بگە
مافــی ڕەوایـان دابین کە
ژینیان پڕ لە پێـکەنین کـە...( هەڵمەت،2013، 258-259)

شـاعیر لە شـیعری (کامەیە مافی منداڵ) باس لەو توند و تیژیانە دەکات، کە بەڕێگای جیاواز بەرامبەر بە منداڵان کراوە، ئەم توندوتیژیانە کاریگەری لەســەر تەندروســتی و خۆشـگوزەرانی منداڵان دەبێت بەدرێژایی ڕەوتی ژیانیان، هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی خەونەکانیان و داهاتویەکی ڕەش چاوەڕێیان دەکات، یەکێك لەو توندوتیژیانە: ئیشـــکردنە بە منداڵان، کە یەکێکە لەو دیاردانەی بەشـــێوەیەکی بەرفراوان لە کۆمەڵگا بڵاوبۆتەوە، زۆر هۆکار وا لە منداڵان دەکات پەنا بباتە بەر کارکردن، وەکو هەژاری و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری دایك و باوك، یان زۆر جار منداڵ ئارەزوی خوێندن ناکات و هەر لە منداڵییەوە بە کارکردنەوە خەریك دەبێت. کە ئەمەش لەڕوی جەســـتەیی و دەرونی و تەندروســـتییەوە زیان بە منداڵان دەگەیێنێت، یەکێکی تر لە توندوتیژییەکان لێدان و سـەرکوتکردنی منداڵە، کە دەبێتە هۆی ئازاردانی جەسـتە و دروسـت بونی فشاری دەرونی، کە لە چوارچێوەی خێزان، یان قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان ڕودەدات. زۆر جار ،کە توندوتیژی لەلایەن خێزانەکانەوە دژی منداڵ ئەنجام دەدرێت، کە بەهۆی ســـەختی ژیان، یان فشـــارە دەرونییەکان دەبێت، کارکردنیش بارگرانییەکی قورس دەخاتە سەر منداڵ، کە هەڕەشە لەسەر سەلامەتی تەندروستی و خۆشگوزەرانی دەکات، ژیانی داهاتوی منداڵ دەگۆڕێت

شـــاعیر داوا لە دادگا دەكات ئەو مافانە بۆ منداڵان بگەڕێنێتەوە، ئەوان لەگەڵ ڕوداني هەر بارودۆخێكی نالەبار ئەوا زیاتر لە گەورەكان توشی ئێش و ئازار دەبن، بۆیە پێویســـتە منداڵان لە ســـەرانســـەری جیهان هەمان مەمەڵەیان، لەگەڵ دا بكرێت و مافەكانیان بۆ دابین بكرێت. هەروەها شـــاعیر لەم شـــیعرە چەندین دژەبەهای جۆراوجۆری باس كردوە، داوا دەكات، كە بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام نەدرێت، چونكە كاریگەری لەسەر ژیانی داهاتویان دەبێت.

من چـۆلەكەی سـەردارم
نیشــتەجێی لادێ و شارم
لە هەر كوێ دێ و شار هەبێ
یا كـــانی و ڕوبار هەبێ
لــەوێ هێــلانە دەكەم
دەژیــم خـۆم و بەچكەكەم
تۆ منــداڵ بە دار لاسـتیك
ژینـم لێ مـــەكە تاریك
هێــلكەم لـە لان دەرمەكە
بەچـــكـەم دەر بەدەر مەكە
تــــۆ ئەی منداڵ بزانە
درەخــت بە مــنەوە جوانـە( هەڵمەت،2013، 437)

شـــاعیر لە شـــیعری (چۆلەكە) باس لەو توندوتیژیانە دەكات، كە بەرامبەر بە ئاژەڵان لەلایەن مرۆڤەكانەوە ئەنجام دەدرێت، پێویستە مرۆڤ بەزەیی بە ئاژەڵان بێتەوە، خوای گەورە نەفرەت لەو كەسانە دەكات، كە ئازاری ئاژەڵ دەدەن، لەڕێگای ئەو شـیعرەوە ئامۆژگاری منداڵان دەكات، كە ئازاری ئاژەڵ نەدەن، چونكە هۆكارێكن بۆ جوانكردنی سروشـت.

شـــاعیر لەو شـــیعرەدا دژەبەهای توندتوتیژی دژ بەئاژەڵان بۆ منداڵان ڕون دەكاتەوە، كە بەهایەكەی ســـۆز و بەزەییە. لە ڕێگای ئەم شیعرەوە داوا لە منداڵان دەكات سوزو میهرەبانیان بۆ ئاژەڵان هەبێت و ئاژەڵیان خۆش بوێت و دۆستایەتی ئاژەڵان بكەن، باسكردنی ئەم دژە بەهایە بۆ تەمەنی منداڵان گونجاوە.

## ئەنجام

١- لەكۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیدا گەیشـتوینەتە ئەو ئەنجامەی، كە دژەبەهاكان كاریگەریان لەســەر كەســایەتی و هەســتی بەرپرســـیارێتی و نەتەوەی و كۆمەڵایەتی و ســـیاسی و ئابوری تاكەكانی ناو كۆمەڵگا هەیە، لەبەرامبەر هەمو ئەمانەشـــدا منداڵان، وەكو ئەندامێكی هەســـتیاری نێو كۆمەڵگا ڕوی خراپی ئەم بەهایانە دەیانگرێتەوە و زیاتر لە گەورەكان كاریگەر دەبن و شوێنەوارە نەرێنیەكانی ئەم بەهایانەیان لێ دەكەوێت و كاریگەری لەسەر داهاتویان دەبێت.

٢- ئەگەر بروانینە ئەو شـــیعرانە دەبینین زۆر بە ڕونی دژەبەهاكان دەردەكەون و دەكەونە بەر دید و زاری منداڵان بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تەمەن و هەست و باری دەرونیان بكرێت.

٣- شاعیر لە شیعرەكانی دا جیهانی منداڵان و جیهانی گەورەكان پێكەوە بەستیتەوە و منداڵان تێكەڵی ئەو گێژاوە كردوە، كە گەورەكان تێكەڵی بون و بەدەستیەوە دەناڵێن.

٤- شاعیر لە دارشتنی زۆربەی شیعرەکانی ڕچاوی تەمەنی منداڵانی نەکردوە، ئاماژەی بەوە نەداوە، کە هەر شیعرێك بۆ چ تەمەنێك گونجاوە.

**سەرچاوەکان**


سعید، ناز أحمد و علی، صدیق أورحمان، 2021، ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان لە هۆنراوەی منداڵاندا، ناوەندی سارا، چاپی یەکەم.

مستەفا، ئاسۆ عومەر، 2009، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ صالح وگۆران، چاپخانەی خانێ، چاپی یەکەم، دهۆك.

مؤمن، عادل حمە عارف، 2011، ڕۆڵی گۆڤاری منالان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا توێژینەوەیەکی شـیکارییە بۆ گۆڤاری (منداڵی سـەردەم، مشـکە، کەپر) لە ماوەی 2007/1/1 بۆ 2009/12/31، نامەی ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە، زانکۆ، سلێمانی.

هەڵمەت، لەتیف، 2005، دیوانی منداڵان (شیعرو چیرۆک بۆ منالان)، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

أبو النیل، محمد السید، 2009، علم الاجتماعي، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

السـيد، إبراهيم السـيد أحمد، 2005، البناء القيمي وعلاقته بالتنشـئة الاجتماعية والدافعية للإنجاز (دراسـة ميدانية مقارنة على عينة من الطلاب الإندونيسـيين والماليزيين الدارسين بالجامعات المصرية)، جامعة الزقازيق.

العوا، عادل، 1986، العمدة في فلسفة القيم، طلاس دار، الطبعة الأولى

شحاته، حسن، 1989، قراءات الأطفال، الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الأولى، القاهرة.

مقن، هاجر و بن بوط، أحلام، 2019-2020، لغة القيم بين القبول والرفض، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماستر، جامعة أم البواقي.

As Hornby, 2000, Oxford Advanced Learners' Dictionary, Oxford university press, Sixth edition.

Javed, Ahmad, 13/4/2023, What are anti-values characteristics and Example، https://englopedia.com/what-is-anti-values/

Rhodes, Sara, 10/5/2021, Meaning of Anti values, https//warbletoncouncil.org/an